# گۆڕینەوەی زیو بە ئاڵتون ڕیبایە مەگەر دەست بە دەست بێت

لە مالیکی کوڕی ئەوسی حەدەسانیەوە دەڵێت: هاتم ووتم: کێ درهەم دەگۆڕێتەوە؟ تەڵحەی کوڕی عوبەیدو اللە لەکاتێکدا لەلای عومەری کوڕی خەتاب بوو -ڕەزای خوای لێبێت-؛ ووتی: ئاڵتونەکەتمان پێ نیشان بدە، پاشان ئەگەر خزمەتکارەکەمان هات زیوەکەت پێدەدەین، عومەری کوڕی خەتاب ووتی: نەخێر، واللە -ئێستا- زیوەکەی پێدەدەیت، یان ئاڵتونەکەی بۆ دەگەڕێنیتەوە، چونکە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «گۆڕینەوەی زیو بە ئاڵتون ڕیبایە مەگەر دەست بە دەست بێت، گۆڕینەوەی گەنم بە گەنم ڕیبایە مەگەر دەست بە دەست بێت، گۆڕینەوەی جۆ بە جۆ ڕیبایە مەگەر دەست بە دەست بێت، گۆڕینەوەی خورما بە خورما ڕیبایە مەگەر دەست بە دەست بێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

تابیعی بەڕێز مالیکی کوڕی ئەوس باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە چەند دینارێکی ئاڵتونی هەبوو، ودەیویست بیگۆڕێتەوە بە چەند درهەمێکی زیو، تەڵحەی کوڕی عوبەیدو اللە -ڕەزای خوای لێبێت- پێی ووت: دینارەکانت پیشان بدە با بیبینم! پاشان دوای ئەوەی پێداگیر بوو لەسەر کڕینیان؛ پێی ووت: دوایی وەرەوە، ئەگەر خزمەتکارەمان هات ئەوا درهەمە زیوینەکانت پێدەدەین، وعومەری کوڕی خەتاب -ڕەزای خوای لێبێت- لەو دانیشتنەدا ئامادەبوو، بۆیە نکۆڵی کرد لەم جۆرە مامەڵەیە، وسوێندی خوارد کە تەڵحە دەبێت ئێستا درهەمە زیوینەکانی بداتێ، یان ئاڵتونەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە کە لێی وەرگرت، هۆکارەکەی ڕوونکردەوە ئەویش ئەوەیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕایگەیاندووە کە فرۆشتنی زیو بە ئاڵتون یان بەپێچەوانەوە دەبێت ڕاستەوخۆ دەست بەدەست وەربگیرێت، ئەگەرنا گرێبەستەکە ڕیبایە وحەرامە، ومامەڵەیەکی پوچەڵە، بۆیە نابێت ئاڵتون بە زیو یان زیو بە ئاڵتون بگۆڕدرێتەوە مەگەر دەست بەدەست بێت وگۆڕینەوەی تەواو دەبێت لەو شوێنەدا ڕووبدات، وکڕین وفرۆشتنی ئەم شتانە: گەنم بەرامبەر بە گەنم وجۆ بەرامبەر بە جۆ وخورما بەرامبەر بە خورما نابێت ئەنجام بدرێت مەگەر کێشیان یەکسان بێت ودەست بەدەست بێت، ونابێت شتێکی لە ئێستادا بفرۆشرێت بە نرخی دواخراو یان بەپێچەوانەوە، ونابێت لە یەك جیابونەوە هەبێت لە شوێنی گرێبەستەکە لە پێش گۆڕینەوە ونرخ وەرگرتنی تەواو.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5889